www.kurdistannet.org
24/01/2002 23:36

# ئیعتیرافێك لەبەردەمی فاتیمەدا

بەرزان هەستیار

2002/1/24

ئەوە ئێمە بووین هەمووومان، دزەمان کرد ، لە کونی زێرابەکانی مێژووەوە دزەمان کرد ، باوکت نەبوو ، ئەوە ئێمە بووین هەمووومان، چاومان سوورو ڕەنگمان زەرد . . زەرد ، سەرمان کانییەك بوو بە قولْپ کرمی جەهلی لێ ئەڕژاولێوەکانمان پێ تەڕ ئەکرد ، ئەوە ئێمە بووین باوکتمان بردە کۆگایەکی ئۆپسالاوەو وێری چنگێ گوللەوجامێ خوێنی گەرممان کرد .

باڵی چی فاتیمە باڵی چی؟ تۆ گەرەکت بوو بە باڵێك سەر لەماڵی هەورەکان بەیت، ئێمە لە مۆمی شەرم وحەیاو ترس بۆمان چێ کردبوویت.

فاتە ئێمە هەر واین ڕووت. . ڕووت. . ڕووت. . ڕووت هەمووتان ڕووت ئەکەینەوەو نە ئەهێڵین تریفەی مانگ کەمێ خۆیتان تێ هەڵبسوێ و نەسلاوی بەنەزاکەتی گزنگی خۆریش ئەهێڵین بسەننەوە .

تۆ بڕوانە ، کەمێ هێمنتر لەلەپی دەستەکانمان ورد بەرەوە ، لەو خەتانەی وەك کوڵانێکی پێچاوپێچ تیا ڕاکشاون، یەك. . دوو. . دە ، ئەو هەموو کوکوختییە جوانە نابینی لەو کوڵانە قەموورەدا تك. . تك خوێنیان ئەبێتە هەڵمێکی سووروئەڕواوهیچ کەسێك نازانێ کەی و بەسەر کام خاکا ئەیکاتە توف و ڕەهێڵە ،

ورد بەرەوە ، ئەم دەستە کۆتەرە دارانەمان بۆ خۆیان گۆڕستانێکن پڕ لە تەرمی ڕووت وقووت وئەو تەرمانەی بۆنی هەلاڵەیان لێ دێ ، ئەو تەرمانەی خوێنیان بخووردەو ئەسووتێ.... .

باوکت نەبوو فاتە گیان، نا ، ئێمەی کەللە شەق کوشتمانیت.

ئەلمانیا /کۆلن